www.kurdistannet.org
9-2-2006 13:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی

هێنانەکایەی هەلومەرجێکی سەختی دژ بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەتایبەت دژ بە گەلی کورد لەلایەن داگیرکارانی لەمێژینەی کوردستانەوە و کوێرکردنەوەی سەرچاوەی قووڵی هەستی بەرزی مرۆڤایەتی و نکوڵیکردن لە تەواوی مافەکانی مرۆڤ و تێکدانی باری بژێوی لەسەر خاکی ئەو نیشتیمانەدا، بووە هۆی بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان (ڕ. م. ک) لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن دەستەیەک لە مرۆڤی ڕۆشنبیری کورد و سوێدییەوە، کە بریتین لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

- سیروان کاروانی، شاعیر و نووسەر
- تارا ڕەسووڵ، هونەرمەندی بەناوبانگی کورد
- هاوڕێ گۆران، شاعیر و نووسەر
- پێتەر گرووپمان، ناتوورناس و دۆستی گەلی کورد

بەپێی ئەو پەیرە و پرۆگرامەی بۆ کارکردنی ڕێکخراوەکە دەستنیشان کراوە، بەشداریکردنە لە بنیادنانەوەی سەرچاوەکانی ژیان لە کوردستان لەسەر ئاستی جیهانی ئەمڕۆ و مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهانی سەردەمدا کە هەموو ڕەوایییەکی تێدا دابین بکرێ، بە تایبەت مافەکانی منداڵان و ژنان و نەدارانی تر لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا. ئامانجی ڕێکخراوەکە و دەستەی بەڕێوەبەری، گرنگیدان بە دیموکراسییەت و یەکسانییە لە هەموو ڕوویەکەوە لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا و سووڕانی باری ژیانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە بە بارێکی باشتر و دوور لە چەوسانەوە و برسێتی.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوەکەوە، چەندین مرۆڤدۆست لە خەڵکی کورد و سوێدی پێوەندییان بە ڕێکخراوەکەوە کرد و بەوەش ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە زیادی کرد. لەو ڕۆژەوە ڕ.م.ک. بە هەستێکی پڕ لە بەرپرسیارییەتی و شانازییەوە درێژەی بە کارەکانی دا کە هەوڵ بدات زیاتر و زیاتر خزمەت بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بکات. سەرەڕای ئەوەش ڕ. م. ک توانیویەتی بنکەیەک لەناو خاکی کوردستان بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەوێ و لە نزیکەوە باشتر خزمەت بکات.

ئێمە وەک دەستەی بەڕێوەبەری نوێ و ئەندامانی ڕێکخراوەکە، سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو بەڕێزانە بەیان دەکەین و هەوڵەکانیان بەرز دەنرخێنین و توانای خۆمان دەخەینە گڕ بۆ درێژەپێدان بەو هەنگاوە گرنگانەی پێشتر ئەو ڕێکخراوە لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنیدا بۆ خزمەت بە خەڵکی هەژار ناویەتی.

هەر بژی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی
دەستەی بەڕێوەبەری نوێی ڕ.م.ک
٠١. ٠١. ٢٠٠٦